# ئاكار وڕەوشتەكانی بانگخواز

[ كردي – كوردی – kurdish ]

ئامادەكردنی: شێخ عبد العزیز بن باز
- ڕەحمەتی خوای گەورەی لێ بێت -

وەرگێڕانی: بەشی كوردی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس
پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

٢٠٠٩ - ١٤٣٠
islamhouse.com

# ( صفات وأخلاق الدعاة )

« باللغة الكوردية »

إعداد: الشيخ عبد العزيز بن باز ـ يرحمه الله تعالى ـ

ترجمة: فريق القسم الكردي بموقع دار الإسلام
مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٠ ـ ٢٠٠٩

islamhouse.com

# ئاكار ورەوشتەكانی بانگخواز

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم .

ئەو ئاكار ورەوشت وصیفاتە جوانانەی کەپێویستە لە بانگخوازانی ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا هەبێت، پەروەردگار لەزۆر جێگای قورئانی پیرۆزدا بۆمانی ڕوون کردوەتەوە، ئەو ڕەوشتەجوانانەش کەبانگخواز دەبێت ڕەوشتی خۆی پێ بڕازێنێتەوەبریتین :--

یــەکــەم : ( الإخلاص ) واتە: مەبەستی لەبانگەواز وهەوڵ وکۆششەکانی تەنها بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوای گەورەبێت ودوور بێت لەڕیــا وڕووپامایی وبەتەمایی دەستخۆشکەری وسوپاسگوزاری خەڵکی نەبێت، بەڵکو تاکەمەبەستی ڕازی بوونی پەروەردگاری بێت، وەک خــوای گەورەلەقورئانــدا دەفەرموێت : **( قُلْ هَذِهِ سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللَّهِ .... )** { يوسف: ١٠٨ } واتە: ئەی موحەمەد تۆ بڵێ: ئەمەڕێگا وڕێبازمەکەخەڵکی بۆ بانگ دەکەم بۆلای خوای گەورە... هەروەها لەجێگایەکی تردا دەفەرموێت: **( وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلًا مِمَّنْ دَعَا إِلَى اللَّهِ .... )** { فصلت : ٣٣ } واتە: کێ لەو کەسەجوان گوفتار تر وقسەی بەجێ ترەکەبانگەوازی کردووەبۆ لای خوای گەورە...

کەواتەبانگخواز خەڵکی بۆلای ئاینی پیرۆزی ئیسلام وخوای گەورەبانگ دەکات وخۆی بەدوور دەگەرێت لەبەدەست هێنانی ناو وناوبانگ بۆ شەخصی خۆی .

جا ئیخلاصی بانگخواز لەبانگەوازەکەیدا هۆکارێکی زۆر گرنگەلەپێناو سەرکەوتن وبەدەستهێنانی پاداشتی لای خوای گەورە، بەڵام خوا پەنا بدات ئەگەر بانگەوازەکەی لەبەر ڕووپامایی و ڕیا وبەدەست هێنانی پلەوپایەو ناو شۆرەت بێت لەناو خەڵکیدا ئەوەلای خوای گەورەهیچی وەرناگیرێت وهەمووی دەدرێتەوە بەسەر خۆیدا چونکە مەبەستی ڕەزامەندی خوا نەبووە، وەک دەفەرموێت : **( مَـنْ كَـانَ يُرِيدُ الْحَيَـاةَ الدُّنْيَا وَزِينَتَهَـا نُوَفِّ إِلَيْهِمْ أَعْمَالَهُـمْ فِيهَا وَهُـمْ فِيهَا لَا يُبْخَسُونَ (١٥) أُولَئِكَ**

**الَّذِينَ لَيْسَ لَهُمْ فِي الْآخِرَةِ إِلَّا النَّارُ وَحَبِطَ مَا صَنَعُوا فِيهَا وَبَاطِلٌ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ (١٦)** { هود :١٥–١٧ }.

**واتە:هەر کەسێک تەنها ژیانی دونیا ورازاوەیی و( خۆشگوزەرانی ) یەکەی بوویت، ئەوەپاداشتی هەوڵ وکۆششی ئەو جۆرەکەسانەدەدەینەوەلەدونیادا، ئەوانیش تێیدا هیچیان لێکەم ناکرێتەوەئا ئەوانە ئەوانەن کەلەڕۆژی دوایدا جگەلەئاگری دۆزەخ هیچی تریان بۆ نیەوئەوەی کەکردیان لەدونیادا پووچەڵ بویەوەوبێ نرخ مایەوە، هەروەها ئەو کاروکردەوەی کەدەیانکرد بەتاڵ وپووچ بۆشە.**

**دووهـــــەم : دەبێت بانگخواز شارەزایی هەبێت لەئاینەکەیدا وئاگادار بێت لەو شەریعەتەی کەخەڵکی بۆ بانگ دەکات، وەئاگاداری ڕادەی شارەزای ئەو کەسەش بێت کەبانگی دەکات بۆلای خوای گەورە.**

**شارەزای هەبێت لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام تاوەکو بانگەوازەکەی لەسەر چاوڕوونی وبەصیرە وبەڵگە ودەلیل بێت، تاوەکو نەبێت بەهۆی گومڕاکردنی خۆی وخەڵکیش، چونکە ئەگەر بەبێ بەڵگەو دەلیل وشارەزای خەڵک بانگ بکەیت فەرمانیان پێ دەکەیت بەشتێک کە خوای گەورە پێ ڕازی نیە وئەو کاتە دەبێت بەبانگخوازی سەر لێشێواو وخەڵک گومڕاکەر، لەم بارەیەشەوە خوای گەورە دەفەرموێت:**
**( قُلْ هَذِهِ سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللَّهِ عَلَى بَصِيرَةٍ أَنَا وَمَنِ اتَّبَعَنِي ...... )**{ یوسف :١٠٨ } .

**واتە: ئەی پێغەمبەری ( صلى الله عليه وسلم ) تۆ بڵێ : ئائەمەڕێگا وڕێبازمەمن وشوێنکەوتووانم بانگەواز دەکەین بۆلای خوای گەروەلەسەر چاورۆشنی .**

**جا لەبەر ئەوەی بانگخواز بتوانێت بەرگری لەئاین وبانگەوازەکەی بکات پێویستەشارەزای دینەکەی بێت، چونکەچەند کەسی نەزان وجاهیلمان بینی کەبەلای خۆیانەوەبانگەواز دەکەن کەچی بوون بەمایەی زەرەر بۆ خۆیان وبانگەوازەکەیان وئەو کەسانەشی کەدەعوەیان کردبوون .**

**جا ئەی برای ئازیز ئامان دەخیلتم ئەگەر خاوەنی بەصیرەوزانست نیت هەرگیز نزیکی کارێک نەکەویتەوەکەکاری گەورەی پێغەمبەران ( عليهم السلام ) بووە، نەکەیت لەخۆتەوەبەبێ بەڵگەودەلیل وبەنەزانی خەڵکی بانگ بکەیت بۆلای خودا، چونکەکەسی نەزان وجاهل لەبری ئەوەی بەگومانی خۆی خشتێک بخاتەسەر کۆشکەبنیات نراوەکەی ئیسلام تێکی دەدات وزیانی پێ دەگەیەنێت.**

جا برام لەخودا بترسەوتەقوای خودات هەبێت هیچ شتێک مەڵێ لەسەر پەروەردگار وئاینی پیرۆزی ئیسلام ئەگەر علم وزانیاریت پێی نیە، هەرگیز نەکەیت بەهەواو ئـــــارەزووی خـــۆت دەم لـــەشتێک بکوتیت کـــەبێ ئاگـــای لێی وعیلمت پێی نیـــە( مەسئەلەیەکی کوردیش هەیەدەڵێت : بەردێک نەزانێک بیخاتەناو ئاوێکەوەبەسەد حەکیم وزانا نایەتەدەرەوە{ وەرگێڕ } ) .

سێهـــــەم : ئەبێت بانگخواز زۆر بەصەبر ولەسەرخۆ وئارامگر بێت لەکاتی بانگەوازەکەیدا، چونکەئەمەڕەوشت وئاکاری بەرزی پێغەمبەران بووەلەبانگەوازەکەیاندا، جا لەبەر ئەوەدەخیلتم هەرگیز تووند وتیژ نەبێت، هەرگیز پەلەپەلکەر وکەسێکی هەڵەشەنەبیت، هەمیشەبا نەرم ونیان بیت وووتەی جوان وشرین لەســــەر زارت بێت پێغەمبەری خواش ( صلى الله عليه وسلم ) لەفەرموودەیەکیدا دەفەرموێت : ( **إن الله رفيق، يحب الرفق، ويعطي على الرفق ما لا يعطي على العنف، ومالا يعطي على ما سواه** ) { رواه مسلم } . واتە: خوای گەورەهێمن ولەسەرخۆیەوهێمنیی ولەسەرخۆیشی خۆش دەوێت، ئەوەشی بەهۆی هێمنیەوەدەیبەخشێت بەمرۆڤ بەهۆی توندو تیژیەوەهەرگیز پێی نابەخشێت، وەناشیبەخشێت بەغەیری هێمنی ولەسەرخۆیی .

کەواتەئەبێت بزانین بانگخوازی هێمن ولەسەرخۆ وقسەو ڕەفتار شیرین، بەووتەجوانەکانی کاریگەری ڕاستەوخۆ لای کەسی بەرامبەر بەجێدەهێڵێت ولەهزر وبیریدا ووتەکانی جێگای خۆی دەکاتەوە.

ئەبێت ئەوەش بزانین قسەی جوان وڕەفتاری شیرین بەشێکەلەو حیکمەتەی کەخوای گەورەفەرمانی پێکردووەلەقورئانی پیرۆزدا وەک دەفەرموێت : **( ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُمْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَنْ ضَلَّ عَنْ سَبِيلِهِ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ )** { النحل : ١٢٥ }.

واتە: ئەی پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) ئەی ئیمانداران، بانگەواز بکەن بۆلای بەرنامەوڕێبازی پەروەردگارت بەحیکمەت ودانایی ( بۆ هەندێک لەخەڵکی )، وەبەئامۆژگاری جوان وشیرین وبەحێ ( بۆ هەندێکی تر )، وگفتوگۆ ومجادەلەبەجوانترین شێوەوشێواز ( لەگـەڵ هەندێکی تردا بـەتایبەت خـاوەن کتێبەئاسمانییەکان )، چونکەبەڕاستی پەروەردگارت هەر خۆی زانایەکەێ گومڕا وسەر لێشێواوە، وەهەر خۆشی زانایەبەو کەسانەی کەهیدایەتی ئەو وەردەگرن .

وەیان دەفەرموێت : **( فَبِمَا رَحْمَةٍ مِنَ اللَّهِ لِنْتَ لَهُمْ وَلَوْ كُنْتَ فَظًّا غَلِيظَ الْقَلْبِ لَانْفَضُّوا مِنْ حَوْلِكَ .... )** { آل عمران : ١٥٩ } واتە: کەواتەئەی موحەمەد بەهۆی ڕەحمەتی خواوەیەتۆ نەرم ونیان وهێمن بوویت لەگەڵیاندا، خۆ ئەگەر تووڕەوقسە ڕەق وبێ بەزەیی بوویتایە، ئەوەهەموویان لەدەورت بڵاوەیان دەکرد وکەست لەگەڵ نەدەما ...

ئەی نابینیت کاتێک خوای گەورەفەرمان دەکات بەموسی وهارون ( علیهما السلام ) کەبڕۆن بانگەوازەکەیان بگەیەنن بەفیرعەون پێیان دەفەرموێت : **( فَقُولَا لَهُ قَوْلًا لَيِّنًا لَعَلَّهُ يَتَذَكَّرُ أَوْ يَخْشَى )** { طه : ٤٤ } واتە: هەردووکتان بەنەرم ونیانی وبەجوانی گفتوگۆی لەگەڵدا بکەن، بۆ ئەوەی پـــەند وئامۆژگاری وەربگرێت وبیربکاتەوە، یـــان ترسی ( سزای ئێمە) لەدەروونیدا جێ بگرێت .

هەر لەم بارەیەوەپێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرموویەتی :" اللهم من ولي من أمر أمتي شيئا فرفق بهم فارفق به، ومن ولي من أمر أمتي شيئا فشق عليهم فاشقق عليه " { رواه مسلم }.

واتە: ئەی خوای گەورەئەو کەسەی دەبێتەکاربەدەستی ئوممەتەکەم لەکاروبارێکدا ولەگەڵیاندا بەڕەحم ومیهرەبان ولەسەرخۆ دەبێت، خوایەتۆش لەگەڵیدا بەڕەحم ومیهرەبان بە، خوایەگیان ئەو کەسەشی دەبێتەکاربەدەستی ئوممەتی من ولەگەڵیاندا دڵ ڕەق وبێ ڕەحم دەبێت، خوایەتۆش لەگەڵیدا وابیت .

جا ئەی بانگخوازی خۆشەویست دەخیلتبم تا دەتوانیت نەرم ونیان لەسەرخۆ وقسەجوان وبەلوطف بەلەگەڵ خەڵکیدا وبەهەموو شێوەیەک دوور بکەوەرەوەلەزەبر وزەنگ وتوند وتیژی وقسەی بریندارکەر وئەو ئوسلوبەی دەبێتەهۆی تۆراندنی خەڵکی لەئاینی پیرۆزی ئیسلام، چونکەتۆ دەتەوێت بەشوێن پێی پێغەمبەراندا هەنگاو بنێیت وڕەحمەتی ئسلام بگەیەنێت بەخەڵکی، کەسێکیش ئەمەکاروپیشەی بێت دەبێت کلیلی دڵی کەسەکانی لابێت تابتوانێت بەئوسولوب وقسەی جوان بچێتەناودڵیانەوەویەکتاپەرستی تیادا بڕوێنێت .

چـــــــوارەم : یەکێکی دیکەلەئاکارەکانی بانگخواز ئەوەیەدەبێت خۆی کار بەو بانگەوازەبکات کەخەڵکی بۆ بانگ دەکات، وەدەبێت خۆی پێشەنگێکی چاک بێت بۆ کەسانی تر لەو بوارەدا، نەک بەشێوەیەک بێت فەرمان بکات بەخەڵکی بەچاکە، کەچی خۆی چاکەکار نەبێت، یان قەدەغەی خەڵکی

بکات لەخراپە، کەچی خۆی لەخراپەدوورنەکەوێتەوە، ( خودا پەنابدات ) ئەگەر بەو شێوەیەبوو ئەوا دەچێتەڕیزی خەسارۆمەندەکانەوەکەخوای گەورەلەبارەیانەوەدەفەمروێت : **( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لِمَ تَقُولُونَ مَا لا تَفْعَلُونَ (٢) كَبُرَ مَقْتًا عِنْدَ اللَّهِ أَنْ تَقُولُوا مَا لا تَفْعَلُونَ )** {الصف:٢-٣ }.

واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوەبۆچی شتێک دەڵێن وئەنجامی نادەن؟ بۆچی گوفتارتان دژی کردارتانە؟ (٢) خەشم وڕقێکی گەورەیەلای خودا، ئەوەی کەدەیڵێن جێ بەجێی ناکەن .

هـەر لــەم بــارەیــەوەخــوای گەورەسەرزەنشتی جولەکەکان دەکات ودەفەرموێت : **( أَتَأْمُرُونَ النَّاسَ بِالْبِرِّ وَتَنْسَوْنَ أَنْفُسَكُمْ وَأَنْتُمْ تَتْلُونَ الْكِتَابَ أَفَلا تَعْقِلُونَ )** { البقرة : ٤٤ }.

واتە: کەی ئەوەڕاستەفەرمانی چاکەبەخەڵکی دەکەن وخۆتان فەرامۆش بکەن،! لەکاتێکدا خۆ ئێوەکتێبی خوا ( تەورات ) دەخوێننەوە( دەزانن سزاس گوفتاری بێ ڕەفتار چۆنە، جا ئایا ژیریتان ڕێتان لێ ناگرێت لەو هەڵوێستەناشرینەتان ؟! .

هەروەها لەصەحیحی بوخاري وموسليمدا هاتووە کەپێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت : **" يجاء بالرجل يوم القيامة فيلقى في النار فتندلق أقتابه – يعني أمعاءه – في النار فيدور بها كما يدور الحمار برحاه فيجتمع أهل النار عليه فيقولون : أي فلان ما شأنك أليس كنت تأمرنا بالمعروف وتنهانا عن المنكر؟ قال : كنتُ آمركم بالمعروف ولا آتيه وأنهاكم عن المنكر وآتيه ".**

واتە: لەڕۆژی دوایدا کەسێک دەهێنرێت وفڕێی دەدرێرێتە ناو ئاگری دۆزەخەوە، بەشێوەیەک کەڕیخۆڵاکانی دێتەدەرەوەوبەدەوریدا دەسوڕێتەوە، هەروەک چۆن گوێ درێژ بەدەوری ئاشەکەیدا دەسوڕێتەوە، جا خەڵکی دۆزەخ دێن وکۆدەبنەوەلێی وپێی دەڵێن : فلان کەس ئەوەچی دەکەیت لێرە؟ باشەخۆ تۆ فەرمانت بەئێمەدەکرد بەچاکەوقەدەغەت دەکردین لەخراپە؟ ئەویش لەوەڵامیاندا دەڵێت : من فەرمانم دەکرد بەئێوەبەچاکەکەچی خۆم نەمدەکرد، وەقەدەغەی خراپەم دەکرد لەئێوە، کەچی بۆخوم دەمکرد .

ئائەمە حاڵی کەسێکە لە قیامەتدا کەلەدونیادا فەرمانی کردوە بەچاکە وقەدەغەی کردوە لەخراپە، بەڵام لەهەمان کاتدا خۆی بەو جۆرەنەبووە( خودا پەنامان بدات ) .

ئەمجا بانگخوازی بەڕێز ئەوەی لەسەرتەلەتەبلیغی ئاینەکەی خوا بیگەیەنە، ئەبێت ئەوەش بزانیت کەهیدایەت وتەوفیق بەدەست خوای گەورەیەوتۆ تەنها بانگخوازێکیت، ئەرکی سەرشانی خۆت جێ بەجێ کردوە، وهەمیشەدوعا ونزای خێر بکەلای خوای گەورەکەهیدایەتی ئەو کەسەبدات کەتۆ بانگەوازی دەکەیت وموەفەقی بکات لەسەر کاری خێر، تاوەکو تێ بگەیت ئەگەر کەسێک خوا هیدایەتی نەدات و موەفەقی نەکات هەرگیز هیدایەیت وەرناگرێت، وەک دەفەرموێت : **( إِنَّكَ لَا تَهْدِي مَنْ أَحْبَبْتَ وَلَكِنَّ اللَّهَ يَهْدِي مَنْ يَشَاءُ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ )** { القصص : ٥٦ } واتە: بەڕاستی ئەی پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) تۆ ناتوانیت هیدایەتي ئەو کەسە بدەیت کەخۆش دەوێت، بەڵکو خوا هەر کەسێکی بوێت دەیخاتەسەر ڕێگای ڕاست وئیمانی پێ دەبەخشێت، خوایش ئاگادارەبەوانەی کەڕێبازی هیدایەتیان گرتۆتەبەر .

لەخوای گەورەوبەدەسەڵات دەپاڕێینەوەکەهەموو لایەکمان موەفەق بکات لەسەر بانگەواز کردن بۆ لای خوا، وەداواکارین لێی کەدڵ وکاروکردەوەمان ئیصلاح بکات وشارەزامان بکات لەدینەکەی وئیستقامەمان پێ ببەخشێت لەسەر ئاینەپیرۆزەکەی .

وصلى الله وسلم وبارک على عبده ورسوله

نبينا محمد وعلى آله وأصحابه وأتباعه بإحسان إلى يوم الدين.